**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بەحوکمی بڕگە (1) لەماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1) ی سالّی (1992) ی، هەموار کراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لەدانیشتنی ژمارە (6)ی رۆژی (2007/4/10) دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا.

## **یاسای ژمارە( 4 )ی سالّی** 2007

## **یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

لێبوردنی گشتی ئەو حوکمدراوانە (بەندکراو وگیراوانە) دەگرێتەوە لەو کێشانەی کە ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی لەبەردەم دادگا ئەنجامدراوە.

**ماددەی دووەم:**

سزای حوکمدراوان بە لەسێدارەدان لەسەر ئەوکێشانەی کە ئاشتبوونەوە لە نێوان لایەنەکان لەبەردەم دادگا ئەنجام دەدرێ کەم دەکرێتەوە بۆ بەندکردنی تا هەتایی.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمی حوکمدراوان بەسزای بەندکردن بۆ ماوەی ژیان کەم دەکرێتەوە بۆ بەندکردنی تاهەتایی.

**ماددەی چوارەم:**

ماوەی سزای حوکمدراوانی (بەندکراو وگیراو) لەفەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەلاّیەتی لەهەرێمی کوردستان بەرێژەی 30٪ ی ماوەی سزا ئەسلّیەکەی کەم دەکرێتەوە کە لەسەر ئەوکێشانە بۆیان دەرچووەو ئاشتبوونەوە لە نێوان لایەنەکانی لەبەردەم دادگا تەواو نەبووە، ئەو ماوە کەمکراوەیە بەماوەیەك دادەنرێ کە لەفەرمانگەی چاکسازی کۆمەلاّیەتی بەسەربراوە بۆ مەبەستی بەردانی بەمەرج.

**ماددەی پێنجەم:**

هەموو کردەوەیەکی یاسایی بەشێوەیەکی کۆتایی لەهەردوو قۆناغی لێکۆلّینەوە ودادگایی کردنی لەهەموو تاوانەکانی پێش مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە ڕادەگیرێ ئەگەر ئاشتبوونەوەکە کرا یان بکرێ لەنێوان لایەنەکان لەبەردەم دادگا دا.

**ماددەی شەشەم:**

حوکمدراوان لەسەر تاوانی سەرپێچیکردن لێبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە وهەموو کردەوەیەکی یاسایی لە حەقی تۆمەتبارەکان ڕادەگیرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

حوکمەکانی مادده (5.4.2.1)ی ئەم یاسایە، حوکمدراوە گەڕاوەکان وئەوانەی ئەم تاوانانەیان ئەنجامداوە ناگرێتەوە:ـ

**یەکەم:** تیرۆر کردن.

**دووەم:** کوشتنی ئەوبیانیانەی کە لە هەرێمدا کاردەکەن.

**سێیەم:** ئەوکوشتنەی دزی لەگەڵ دابێ.

**چوارەم:** بازرگانی کردن بەمادده بێهۆشکەرەکان.

**پێنجەم:** ئەوتاوانانەی دژی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بن.

**شەشەم:** دەست پیسی ودزینی پارەوسامانی هەرێم.

**حەوتەم:** تەزویرکردنی نووسراوی فەرمی پەیوەندیدار بە ئابووری وئاسایشی هەرێم.

**هەشتەم:** تەزویر وقەڵپکردنی پارە ودراو.

**نۆیەم:** بەرتیل.

**دەیەم:** پڕدان وخراپکردنی ئافرەت ونێربازی ومێبازی لەگەڵ مەحرەمەکان.

**یازدەم:** کوشتن لەسەر مەسەلەی نامووس(عەیب شۆرین).

**ماددەی هەشتەم:**

ئاشتبوونە لە نێوان لایەکانی داوا کاتێك دێتەدی ئەگەر:

**یەکەم** : ئەگەر شکایەتکار یان داواکاری مافی کەسێتی ئاشتبوونەوەو دەستیان لە مافی کەسێتی هەڵگرت لەو داوایەی کە حوکمی پێدەرچووە.

**دووەم:** یاخود دەستی لەمافی کەسێتی خۆی لە پاش دەرچوونی حوکم لەبەردەم دادگا هەڵگرت یان لە ماوەی شەست رۆژ لەدەرچوونی ئەم یاسایەو دادگا بڕیاری دا ئەوحوکمدراوە لێبووردن دەیگرێتەوە بەرەڵلا دەکرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەو بەندکراوو گیراوانەی کە سوودیان لەبڕیارەکانی کەم کردنەوەی سزا لە مێژوویێکی بەر لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە وەرگرتووە، سوود لە حوکمەکانی ئەم یاسایە وەرناگرن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەو حوکمدراوانەی کە حوکمی پاشملەیان بەسەردا دراوە وخۆیان بەدەستەوە دەدەن یان لەماوەی سیی رۆژ لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایەوە دەگیرێن سوود لە حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگرن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەگەر ئەو کەسە گیراوە یا بەندکراوەی سوودی وەرگرتبێ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ولە ماوەی سێ ساڵ لە بەردانی گەڕایەوە سەر ئەنجامدانی تاوان ولەسەری لەلایەن دادگای تایبەتی بۆ ماوەیەك لە 3 ساڵ کەمتر نەبێ حوکم درا ئەوا بڕیاری لێبووردنەکەی یا کەمکردنەوەی حوکمەکەی لێ هەڵدەوەشێتەوە وهەموو سزا کەوتووەکەیشی بەسەریدا دەسەپێزێ ئەگەر تاوانێکی کرد و، نیوەی ماوەی سزاکەی هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر تاوانەکەی کەتن بوو،هەروەها ئەو ئیجرائاتانەش رادەگیرێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سوودی لێ وەرگرتووەو لەوکێشەیەش ئیجرائاتی لە سەر وەردەگیرێ کەراگیرابوو.

**ماددەی دوازدەم:**

بۆجێبەکیێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی دادوەرێك پێکدێ کە پۆلەکەی لە پۆلی دووەم کەمتر نەبێ و وەزیری داد دایدەنێ لەگەڵ نوێنەرێك لە هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆو کارو کاروباری کۆمەلایەتی ومافی مرۆڤ ودەستەی سەرپەرشتی دادیی وسەرۆکایەتی داواکاری گشتی،بۆ بەدوادا چوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەروەها بەدوا داچوونی کێشەکانی هەموو گیراوەکان لە هەرێمی کوردستان تاکو پەلەبکرێ لە تەواوکردنی مامەلەوکێشەکان، بەمەرجێك کارەکانی لەماوەیەك کە لە نەوەد رۆژ لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە زیاتر نەبێ وبە تەواو بوونی کارەکانی لیژنەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێ.

**ماددەی سێزدەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە کێشەو حوکمدراوەکانی پێش مێژووی دەرچوونیشی دەگرێتەوە.

**ماددەی چواردەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) دا بلاو دەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

## – هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە –

لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لە سزادان چاکسازی تاوانبارە وراستکردنەوەی رەوشتیەتی ولەبەر ئەوەی ئەو حوکمدراوانەی ئەم لێبوردنە دەیان گرێتەوە،ماوەیەکی دیاری کراویان لەدەزگاکانی چاکسازیی کۆمەلایەتیدا بەسەر بردووە وبۆ ئەوەی دەرفەتێکیان پێ بدەین تاکو بگەرێنەوە ناو کۆمەڵ لەرێگەی رەها کردنیانەوە یاخود کە مکردنەوەی ماوەی حوکمەکەیان وراگرتنی کردەوەی یاسایی بەرامبەر ئەوانەی لە قۆناغی لێکۆلێنەوە ودادگایی کردن دان وبەبۆنەی جەژنەکانی نەورۆز وئادارەوە وبۆ رێز لێنانی دەستەلاتی هەرێم لەم بۆنە مێژووییانەو بۆ ژیاندنەوەی خۆشی وشادی لە دلی ئەوانەی ئاشتبوونەتەوەو کەس وکاری حوکمدراو وگیراوەکان لە توێژی مێرد مندالان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (67) **سالی حەوتەمی – ی رۆژی** 2007/7/1 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بلاوکراوەتەوە.**